ئایا ئەمریکا ئەمجارە هێرشی زەمینی دەکاتە سەر ئێران؟

ڕەنج نەوزاد

لەگەڵ هاتنی سێیەم کەشتی فڕۆکەهەڵگری ئەمریکا بۆ ناوچەکە و ناردنی هێزی زیاتر لە فڕۆکە و سیستەمی بەرگری و کەشتی و سەرباز، باس لەوە دەکرێت، ئەگەر هەیە ئەمجارە ئەمریکا جەنگێکی یەکلاکەرەوە، واتە هێرشێکی زەمینی ئەنجام بدات بۆ ڕووخانی ڕژێمی ئێران. لە ڕووی سەربازییەوە، لە ئێستا و بۆ ئایندەیەکی نزیک (چەند هەفتەیەک تاوەکوو دەوروبەری دوو مانگی دیکە) ئەگەری ئەنجامدانی هێرشێکی زەمینی گشتگیر لە لایەن ئەمریکاوە نزیکە لە سفر. لێرەدا، باس لە ئۆپراسیۆنی تایبەت ناکەم، بۆ نموونە هێزێکی ئەمریکا لە ناوچەیەکی ئێران ئۆپراسیۆنێکی خێرا بکەن و بکشێنەوە، یاخود ناوچەیەکی بچووک بگرن وەکوو دوورگە و بەشێک لە کەنارە دەریاییەکانی ئێران، بەڵکوو باس لە شەڕێکی زەمینی دەکەم بۆ ڕووخاندنی ڕژێم، هاوشێوەی ئەوەی لە عێراق و ئەفغانستان ڕوویدا. پێش ئەنجامدانی جەنگێکی لەم شێوەیە ئاماژەکان چین؟ چۆن دەزانرێت ئەگەر هەیە جەنگێکی وا ڕووبدات؟ بۆ تێگەیشتن لە چەند لایەنێکی جەنگ بەگشتیی و لە شەڕی ئەمریکا و ئێران بەتایبەتی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە دەخەمەڕوو:

یەکەم، **ئاماژە لۆجستییەکان**: گرنگترین و ڕوونترین ئاماژەن، بریتییە لەوەی ئەمریکا پێش چەند مانگێک، یاخود ساڵێک بۆ دوو ساڵ، دەست دەکات بە دروستکردن وفراوانکردنی ژێرخانێکی سەربازی و نیمچە سەربازی فراوان لە دوو یان سێ ناوچە: ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا و تا دەگاتە ناوچەی ئۆقیانووسی هیندی (ئاسیا). بە دەیان و سەدان بینا و باڵەخانە و گۆڕەپان و هۆڵ و وێستگەی سووتەمەنی و کارگە دروست دەکات، یان ئەوانەی کە هەن فراوانتر دەکات. وەکوو نەخۆشخانە و چێشتخانەی سەربازی و شوێنی مانەوە و خەوی سەربازەکان، شوێنی چاککردنی کەرەستە سەربازییەکان و فراوانکردن، یان دروستکردنی کۆگای گەورە و فڕۆکەخانە و بەندەری نوێ لەو ناوچانە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە بنکەی سەربازیی ئەمریکایی تیایە. چونکە جەنگی نێوان ئەمریکا و ئێران جەنگی نێوان دوو دەوڵەتە، کە سنووریان بە یەکەوە نییە، بەپێچەوانەی جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا، بۆیە ئاماژە لۆجستییەکان زۆر ڕوون و ئاشکرا دەبن، ئەستەمە لە میدیا و ڕای گشتیی بشاردرێتەوە، بەتایبەت پێش چەند هەفتەیەک، یان چەند مانگێک لە دەستپێکردنی جەنگەکە. لەم جۆرە جەنگە فاکتەری سوپرایز و لەناکاوی تێدا نابێت، مەگەر تەنیا سەعات و ڕۆژی دەستپێکردنەکە سوپرایز بێت.

دووەم، **ئاماژە سەربازییەکان**: تاوەکوو ئێستا ئەمریکا کەشتی فڕۆکەهەڵگر و کەشتی سەربازی و مووشەک و سیستەمی بەرگری و فڕۆکە و هێزی تایبەتی ناردووە. هەمووی ئاماژەیە بۆ شەڕێک کە لە ئاسمانەوە ئەنجام دەدرێت و ئەوپەڕی دەکرێت هەندێک ئۆپراسیۆنی زەمینی سنووردار و بچووک ئەنجام بدرێت. لە جەنگێکی زەمینی تەقلیدی، ئەو هێزەی کە سەرەکییە بریتییە لە هێزی پیادە (Infantry)، کە زۆربەی سەربازی ئاسایی و گەنجن بەبێ پلەی سەربازی بەرز، نەوەکوو

هێزی تایبەت. بە سەدان هەزار لەمانە لەگەڵ هەزاران تانک و زرێپۆش و سەیارەی سەربازی ڕەوانەی ناوچەکە دەکرێن پێش ماوەیەک لە جەنگەکە. هاوکات ناردنی یەکەی ئەندازیاری (Combat Engineering) لە سوپای ئەمریکا، کە هەڵگری دەیان جۆر لە ئامێری ئەندازیارین وەکوو شۆڤڵ و حەفارە و ڕۆبۆت و پردی سەربازیی کاتیی و ئامێری ئاشکراکردن ولابردنی مین، کە ڕێگە بۆ هێزی پیادەی خۆیان خۆش دەکەن پێشڕەوی بکەن و ڕێگری لە هێزی بەرانبەر دەکەن هێرش بکەن. ناردنی ئەم هێزانە بە نهێنی ناکرێت، چونکە بە سەدان گەشت و جوڵەی فڕۆکە و کەشتی بارهەڵگری دەوێت. جگە لەوەی بە دەیان هەزار خێزانی ئەمریکی ئاگادار دەبن، کە ئەندامێکی خێزانەکەیان ڕەوانەی جەنگ دەکرێت، چونکە زۆربەی سەربازەکانی هێزی پیادە لە ئەمریکاوە دێن، نەوەک لە سەربازگەکانی دەرەوە.

سێیەم، **ئاماژە یاساییەکان**: لەم جۆرە شەڕە پێویستە ئەمریکا بە یاسایی و فەرمی جەنگ ڕابگەیەنێت. چونکە ناردنی هێزی پیادە، واتە ناردنی هاوواڵاتییانی ئەمریکایی بۆ جەنگ. دەبێت کۆنگرێس وەک نوێنەری نەتەوەی ئەمریکا ئەوە قبوڵ بکات. سەرۆک داوا لە کۆنگرێس دەکات دەنگ بدەن لەسەر ڕاگەیاندنی جەنگ، کاتێک کۆنگرێس قبوڵی دەکات، ئیدی سەرۆک، کە هاوکات فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە جەنگ ڕادەگەیەنێت. چەند سەعاتێک پێش یان پاش دەستپێکردنی جەنگەکە دەبێت تڕەمپ گوتارێکی فەرمی بۆ ئەمریکاییەکانی هەبێت، کە تیایدا دەڵێت بە سیفەتی سەرۆکی ئەمریکا و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی دەستوور پێی داوم، لەبەر بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکا جەنگم ڕاگەیاند دژی ئێران بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی. لە دۆخی ئێستای ئەمریکا ئەم هەنگاوە قورسە، مەگەر ئێران ئۆپراسیۆنێکی هەستیار و ترسناک ئەنجام بدات، وەکوو لێدان لە کەشتییەکی فرۆکەهەڵگر، یان کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازی ئەمریکی، یاخود ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکی تێکدەرانە و ترسناک لەناوخۆی ئەمریکا، لەم سیناریۆیانە دەکرێت هەردوو حیزبەکەی ئەمریکا هاوڕابن لە ئەنجامدانی جەنگێکی لەو شێوەیە.

چوارەم، **ئاماژە دبلۆماسییەکان**: پێش ساڵێک، یان چەند مانگێک لەم جۆرە جەنگە، جوڵەیەکی دبلۆماسی چڕ و ئاشکرا و بەردەوام و ناسروشتی دەبینرێت لە لایەن ئەمریکاوە لەگەڵ وڵاتانی ناتۆ و کەنداو و ئاسیا. جگە لە سەردانی بەردەوامی وەزیری بەرگری و سەرۆکی هەوالگریی ئەمریکا بۆ وڵاتانی هاوپەیمان.

پێنجەم، **ئاماژە سەربازییە تەکتیکییەکان و ستراتیجییەکان**: ئەم جۆرە جەنگە ئەگەر ڕووبدات بە زمانی سەربازی و جەنگ پێی دەڵێن شەڕی چەکە تێکەڵەکان، یان جەنگی هێزە هاوبەشەکان (Combined Arms Warfare)، واتە بەکارهێنانی کەرەستە و چەکە سەربازییەکان فرە و جۆراوجۆرن (ئاسمانی و دەریایی و وشکانی و مانگە دەستکردەکان). لە چەکی ستراتیجی کەشتی فڕۆکە هەڵگر، فڕۆکە ستراتیجییەکان بۆ نموونە B1, B2, B52، ژێردەریایی ئەتۆمی تاوەکوو چەکی تەکتیکی وەکوو تانک و زرێپۆش و فڕۆکەی ئێف ٣٥ و ١٦. دەکرێت نەبوون، یان کەمی یەک دوو پارچەی بچووک لەم جۆرە کەرەستانە ئاماژەیەکی یەکلاکەرەوە بێت بۆ ئەگەری ڕووداون، یان ڕوونەدانی شەڕی زەمینی. بۆ نموونە، نەناردنی یان کەم ناردنی سەیارەی هەمەری سەربازی و زرێپۆش و تانک و توپ هاوێژ لە لایەن ئەمریکاوە ئاماژەیە، کە جارێ شەڕی زەمینی

ڕووبادات. هاوکات جوڵەنەکردنێکی فراوان بە فرۆکە ستراتیجییەکانی ئەمریکا بەرەو ئەو سێ ناوچەیە، ئاماژەیەکی دیکەیە. لە ئەگەری هەڵگیرساندنی ئەو شەڕە، بەکارهێنانی فڕۆکەی ستراتیجی دەبێتە ئۆپراسیۆنێکی ڕۆژانە. ئەمە پێویستی بە ئامادەکردن و فراوانکردنی ژێرخانی فڕۆکەخانەکانی ئەو جۆرە فڕۆکانەیە، بەتایبەت لە بەریتانیا. ڕاستە ژێرخانێکی گەورە و ئامادە هەیە، بەڵام بۆ کاتی جەنگێکی وا دەبێت فراوانتر بکرێت، پاش جەنگەکە ئەو فراوانییە کەم دەکرێتەوە. ئەو زیادکردن و فراوانییە دەکرێت چەند مانگێک کارکردن و گواستنەوە و ئامادەکاری بوێت. هەموو ئەمانە دەبنە بابەتی میدیا.

شەشەم، **جەنگێکی ناهاوسەنگ** (Asymmetric Warfare): ئەگەر ئەم جەنگە ڕووبدات، ئەوا بەپێی ئەدەبیاتی سەربازی، بۆ ئەمریکا جەنگێکی سنووردارە (Limited War) بۆ ئێران جەنگێکی گشتگیرە (Total War). بەو مانایەی ئەمریکا تەواوی ئابووری و تواناکانی وڵات و کۆمەڵگە ئامادە و تەرخان ناکات بۆ جەنگ، بەڵام ئێران دەیکات. ئەمریکا لەبەردەم مەترسییەکی وجودی نابێت، خاکەکەی گۆڕەپانی جەنگ نییە، ژیان لە ئەمریکا ئاسایی دەبێت، ڕژێمی ئێران لەبەردەم مەترسییەکی وجودی دەبێت، شەڕی مان و نەمان دەکات، خاکەکەی گۆڕەپانی سەرەکی جەنگە. ئەمریکا لە قۆناغێکدا دەتوانێت ئێران کاول بکات، ئێران توانای کاولکردنی ئەمریکای نییە.

بەڵام تێبینییەک لەم بارەیەوە گرنگە، ئەمریکا وەکوو تاکە سوپەرپاوەری جیهان، تەنیا خاکی خۆی و مانەوە بە مەترسی وجودی نازانێت، بەڵکوو دەکرێت لەدەستدانی پێگە جیهانییەکەی و سەرکردایەتی جیهان و بە هەمان شێوە وەکوو مەترسییەکی وجودی بزانێت. ئەم خاڵە مەترسییە بۆ ئەمریکا و ئێرانیش. چونکە ئەمریکا دەزانێت ئەگەر هێرشی زەمینی دەستی پێ کرد، ئیدیکە کشانەوە و دانوستان و ڕێککەوتنی بێ تەسلیم بوونی ئێران و شکست لە جەنگەکە، قبوڵکراو نییە. ئەمە دەیخاتە بەردەم چەند ئەگەرێک، بەردەوامیدان بە جەنگێکی زەمینی بۆ ماوەیەکی درێژ و قبوڵکردنی زیانێکی مرۆیی و ئابووری و سەربازی گەورە، ئەگەری بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی ستراتیجی لە قۆناغێکدا ئەگەر ئیدیکە سەرکردایەتی ئەمریکا ئاستی ستراتیجیی جەنگەکە لەسەر بنەمای ڕاپۆرتەکانی ئاستی ئۆپراسیۆن و تەکتیکیی جەنگەکە پێی وابێت تاکە بژاردەیە بۆ دەرچوون لەو جەنگە بە سەرکەوتوویی. شکستی ستراتیجی بۆ ئەمریکا لە گۆڕەپانی جەنگێکی زەمینی لەم شێوەیە و لەم سەردەمەی جیهان، بە ئەگەری زۆرەوە پێی هەزم ناکرێت و پەنا دەباتە بەر بۆمبی ئەتۆمی ستراتیجی، نەوەکوو تەکتیکی، ئەگەر بزانێت تاکە چارەسەرە بۆ خۆلادان لەو کارەساتە. ئەم سیناریۆیە بۆ ئێران لە هەموو ڕوویەکەوە کارەساتێکی بێ وێنە دەبێت. ئەمە یەکێکە لە خاسیەتەکانی جەنگی ناهاوسەنگ، لایەنی بەهێز ئەگەر ناچاربێت، دەتوانێت سنوور نەهێڵێت بۆ زیان گەیاندن بە لایەنی لاواز.

لە ٢٠٠٣ کاتێک لە بەغدا بۆ ماوەیەکی کورت بەرگرییەکی باش کرا بەرانبەر بە سوپای ئەمریکا. بەپێی زانیاری و هەڵسەنگاندنی هەواڵگری عێراق، ئەمریکا ئامادەبووە بە ئەتۆمی لە بەغدا بدات، چونکە هەواڵگری عێراق پێی وابووە مەحاڵە ئەمریکا شکست قبوڵ بکات و ڕێک بکەوێت لەگەڵ سەدام لەو قۆناغە، بۆیە گرتنی بەغدا بۆ ئەمریکا حەتمی بووە، ئەگەر بە تەواویش لەناوی بەرێت. سالم جومەیلی، بەرپرسی بەشی ئەمریکا لە هەواڵگری عێراق لەو سەردەمە دەڵێت پێش

جەنگەکە، لە کاتی ئامادەکارییە لۆجستییەکانی ئەمریکا، ڕاپۆرتمان نارد بۆ سەرۆکایەتی، کە ئەمریکا لەم جەنگە تاوەکوو بەغدا نەکەوێت واز ناهێنێت، ئیدی بە بەکارهێنانی هەر ئامراز و ڕێگەیەک بێت، چونکە مەحاڵە شکست قبوڵ بکات. سەرچاوەی بەرگرییەکەی عێراق لە ناوچەی فڕۆکەخانەی بەغدا بوو لە ٢٠٠٣، بۆیە بە فەرمانی ئاستی ستراتیجی جەنگەکە (سەرۆک و وەزیری بەرگری، هتد) فەرمان درا بە ئاستی ئۆپراسیۆن و تەکتیکی، کە هێزی لە ڕادەبەدەر (Overwhelming Force) بەکاربهێنن بەرانبەر ئەو ناوچەیە. ئەم عەقیدە سەربازییە لە سوپای ئەمریکا پێی دەڵێن عەقیدەی کۆڵن پاوڵ، لە ٩١ بەرانبەر بە عێراق لە تەواوی جەنگەکە جێبەجێ کرا، لە ٢٠٠٣ لە شەڕی فرۆکەخانەی بەغدا جێبەجێ کرا. مەبەست لەو تەکتیکە ئەوەیە ئەمریکا سوود لە ناهاوسەنگی هێز دەبینێت، کە دەتوانێت بە شێوەیەکی چڕ لە یەک کات تەواوی هێزی ئاسمانی و ئاگرباران و وشکانی و موشەکیی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ناوچەیەک یان لە شەڕێکی دیاریکراو، کە دەرەفەت بە بەرانبەر نەدات دەست بکاتەوە و بەرگری بکات و شۆکی بکات، تاوەکوو لەناو دەچێت یا تەسلیم دەبێت. زیاتر لەو شەڕانە بەکاردێت، کە دەوڵەتی بەهێز دەیەوێت خێرا و بە زیانێکی کەم بەبێ ئەوەی بکەوێتە شەڕێکی ئیستنزاف، شەڕەکە یەکلایی بکاتەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی. بۆ نموونە لە ١٩٩١دا، لە ماوەی ٣٨ ڕۆژ ئەمریکا نزیکەی دوو سەد و بیست هەزار موشەک و بۆمب و تۆپی بەرانبەر بە ژێرخانی سەربازی و مەدەنی عێراق بەکارهێنا پاشان دەستی کرد بە هێرشی زەمینی. ئەمە لە جەنگی ٤٠ ڕۆژەی ئێران ڕووی نەدا. ئەگەر هێرشی زەمینی بکرێت، بە دڵنیاییەوە بەکاردێت، بۆیە لە ئەگەری ڕوودانی ئەو شەڕە، کەوتنی ڕژێمی ئێران نیمچە حەتمییە، مەگەر موعجیزەیەکی سەربازی ڕووبدات. چونکە توانای ئەمریکا لە بەکارهێنانی هێزی لە ڕادەبەدەر لە ئێستادا زۆر بەهێزتر و وێرانکەرترە بە بەراورد بە ١٩٩١ و ٢٠٠٣. بەکارهێنانی ئەم عەقیدەیە دەکرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ژمارەیەکی کەم لە بۆمب بێت، بۆ نموونە بۆمبی ئەتۆمی لەو ناوچەیە بدرێت، کە زۆر خۆڕاگرە، یان چەک و بۆمبی قەدەغەکراو. گومان هەیە لە فڕۆکەخانەی بەغدا لە ٢٠٠٣ چەکێکی قەدەغەکراو بەکارهاتبێت.

ئەم گریمانە و ئەگەر و مەترسیانە وا دەکەن، کە سوپای ئەمریکا پێش ئەنجامدانی هێرشی زەمینی، ئامادەکارییەکی گەورە بکات. بۆ نموونە، ئەگەر پلانی جەنگەکە وا دانرابێت، کە ٣٠٠ هەزار سەرباز بنێرن، ئەوا ژێرخانی لۆجستی دەبێت ئامادە بکرێت بۆ یەک میلیۆن سەرباز، چونکە لە ئەگەری ئەوەی ئێران بەرگرییەکی قورس و گەورە بکات، ئەوا ئەمریکا بە دڵنیاییەوە ناکشێتەوە، بەڵکوو سەدان هەزار سەرباز و کەرەستەی دیکە دەنێرێت. ئەم ئامادەکارییە جگە لەوەی کاتێکی زۆری دەوێت، هەموو جیهانیش هەستی پێ دەکات. بۆیە ئەگەر قۆناغی سێیەمی جەنگەکە دەست پێ بکاتەوە لەم چەند مانگە، ئەوا هێرشی زەمینی نابێت. ئەم خاڵە، هۆکارێکی سەرەکییە، کە ئێران هیچ سازشێک و نەرمییەک نانوێنێت، چونکە هیچ ئاماژەیەک نابینێت بۆ هێرشێکی زەمینی، پێی وایە تاوەکوو ئەو جۆرە هێرشە نەکرێت، ئەوا ڕژێم ناکەوێت، ئامانجی سەرەکیی ئێرانیش ئەمەیە.

قۆناغی سێیەمی جەنگەکە لەم چەند مانگە ئەگەر ڕووبدات، ئەوا دەکرێت فراوانتر و تووندتر بێت لە جەنگی ٤٠ ڕۆژە، بەڵام هەر زیاتر پشت بە هێزی ئاسمانی دەبەستێت، ئەگەر هێرشی زەمینی

ڕووبدات، ئەوا سنووردار و بچووک دەبێت، ناگاتە هێرشێکی گشتگیر و فراوان بۆ ڕووخانی ڕژێمی ئێران و کەوتنی تاران.